# جەلال تاڵەبانی:
# ئێمەی کورد بەڕەگەز تووركین !!



**ئەردەڵان عەبدوڵلا**

**لەپاش راپەرین رۆڵی دەوڵەتی فاشیستی توورک ، بەسەر باشووری کوردستاندا زۆر بوو. لەپاش ئەوەی ، کە توورکیا کرا بە تاکە دەروازەی سەرەکی کوردستان ، رۆڵی ئەم دەوڵەتە فاشیستە زیادی کرد. حیزبە کوردیەکان لەپێش هەمووشیانەوە ( یەکێتی وپارتی) ، یەکسەر هەوڵی خۆ نزیککردنەوەیان لەگەڵ ئەم دەوڵەتە دەدا. دیارە یەکەمین کەس ، کە هەوڵی خۆ نزیککردنەوەی دا، جەلال تالەبانی بوو. لە تەمووزی 1992 سەردانی توورکیای کردوو ، سلێمان دیمیرێلی بینی . جەلال تالەبانی هەروەکوو خۆی باسی کردبوو ، کە ئەو مەسەلەی ویلایەتی موسڵی هێناوەتەوە ئاراوە ، بەڵام سلێمان دیمیرێل بەقسەکانی پێکەنیوە . پاشتریش لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی ئیندیپێندنی ئینگلیزی دەڵێت:(عێراق مەرجەکانی رێکەوتنامەی 1923 ی تەطبیق نەکردووە. من توورکیا بە ئایدیال دەزانم . تورکیا دەوڵەتێکی دیمۆکراتیە و ، پیاو دەتوانێت لێرە هاواربکات و قسە بکات و داوای ماڤی خۆی بکات. لێرە رۆژنامە هەیە پشتگیری لەپەکەکە دەکەن 1 )**

**تاڵەبانی باسی دەوڵەتێک دەکات ، کەهەتاوەکوو ئەمرۆش زمانی کوردی بە تاوان دەژمێرێت و مرۆڤ لەسەری سزا دەدرێت. مەهدی زانا پارێزگاری ئامەد ( دیاربەکر) ، لەبەر ئەوەی بەزمانی کوردی قسەی لەگەڵ هاوڵاتیەک کردبوو، 15 ساڵ سزا درا . ئەحمەد توورک ، سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی گەل، لەسەر ئەوەی بەزمانی کوردی لێداوانی سیاسی داوە ، 6 مانگ سزا دەدرێت. پێش ماوەیەک لەئەڵمانیا، رۆژنامەی ئوزگول پۆلیتیکیان داخست ، بەتاوانی ئەوەی پشتگیری لەپەکەکە دەکات . کەچی تاڵەبانیش دەڵێت لەتوورکیا! رۆژنامە هەیە پشتگیری لەپەکەکە دەکات وئازادە . یان دەڵێت:( پیاو لێرە ئازادە دەتوانێت داوای ماڤی خۆی بکات،توورکیا وڵاتێکی دیمۆکراتیە!!) جێگای ئاماژەیە، لە ساڵانی نەوەدا ،**

هەموو ئەندامی ینک فێری ئەم قسەیە کرابوون ( توورکیا وڵاتێکی دیمۆکراتیە! و،بۆ کوردستانی عێراق باشترە خۆمان بە توورکیاوە بلکێنین).
دیارە رەشترین خاڵی مێژووی کورد لەپاش راپەرین ، شەرو دژایەتیکردنی شۆرش و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە رۆژهەلات و باکووری کوردستان بوو . شەری یەکەکە ، قێزوەنترین و دڵتەزێنترین ، خاڵی مێژووی یەکێتی وپارتیە. لەساڵی 1993 ، لەشکری توورک ، بەیارمەتی یەکێتی وپارتی ، پەلاماری پەکەکەیان دا. بۆ بەرێوبردنی ئەم هێرشەش ، توورکیا جەنەراڵێکی خوێنمژی دانابوو، کە ناوی( ئەحەمەد جەم ئەرسەڤەر) بوو. . ئەم پیاوە کرابوو بە سەرۆکی ( مەنسووباتی ئیستیخباراتی جەندرمە Jitem 2 )
دەربارەی چالاکیەکانی سووپای توورک لە باشووری کوردستان ، ئەحمەد جەم ئەرسەفەر لە 1993.08.14 ، رۆژنامەی تەرجومان Tercüman ی توورکی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ سازدەکات .
چاوپێکەوتنەکە لەلایەن رۆژنامەنووسی توورکی عەلی ئۆنجو سازکرابوو. دیارە چاوپێکەوتنەکە زۆر دوورودرێژبوو، هەربۆیە بەش بەش لە رۆژنامەکە بلاوکرایەوە. هەر هەمان چاوپێکەوتنیش ، لە گۆڤاری Tafrikl ی توورکی بلاوکرایەوە. ئەوەی جێگای سەرنجە لەم لێداوانەدا ، ئەرسەڤەر لە شوێنێکدا ، بە درێژی باسی چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ تاڵەبانی دا دەکات. لە یەکێک لە قسەکانی دەڵێت : ( جارێکیان لە لای تاڵەبانی بووم ، بە پێکەنینەوە هاتە لامەوە و پێی ووتم:
(دەزانی لەراستیدائێمەی کورد بەرەگەز توورکین!!3 ) .
من بەشبەحاڵی خۆم ، کاتێک ئەمەم خوێندەوە زۆرکاری تێکردم . بەراستی جێگای داخە ، کەلە کاتێکدا تاڵەبانی ئەم قسەیەی کردووە، هەزاران شۆرشگێری کورد ، خەباتیان کردووە لەدژی ئەوەی کە بەزۆر دەیان کەن بە توورک. کەچی کەسێکیش خۆی بە سەرکردەی بەشێکی کوردستان بزانێت ، خۆبەخشانە بڵێت ئێمە توورکین . دیارە ئەم قسانەی ئەرسەفەر راستن ، چونکە ئەو کاتە سەرچڵ قەزاز نوێنەری یەکێتی بووە لە توورکیا ، هیچ وەلامێکی ئەم جەنەراڵەی نەداوەتەوە. ئەمەش مانای راستی قسەکانی جەنەراڵە توورکەکەیە .
ئێمە زۆرجار لێدوانەکانی تاڵەبانیمان بیستووە، هەمووشمان دەزانین چەندە لێدوانی کاڵ وکرچی داوە. وەلێ ئەم لێدوانەی لە هەموویان قەباعەت ترە . کێشەکەش لەوەدایە ،هەمووکاتێک لایەنگرانی تاڵەبانی ئەم لێدوانانەی ، بە سیاسەت بۆ دەژمێرن!!! .

## سەرچاوەکان :


. 1 . دیڤید مەکداول. مێژووی هاوچەرخی کورد. وەرگێرانی ئەبوبەکر خۆشناو . چاپی دووەم . چاپخانەی کتێبفرۆشی سۆران . 2005. لاپەرە . 630

2. . فەیسەڵ داغلی . براکوژی . شەری ناوخۆی کورد. وەرگێرانی دابان هەمەوەندی. چاپخانەی کوردستانی ئیمرۆ.چاپی یەکەم. 2000 . لاپەرە. 367

3. هەمان سەرچاوە